کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی بەکەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

July,23th,2002 | ١٣٨١/٥/١ سێشەممە | ژمارە ٧ | دەورەی تازە

## ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ سیمای وەحشیگەری کۆماری ئیسلامی

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەئیە وچینی کرێکار وزەحمەتکێشانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیکی هاوبەش لە ژێرزەنجیری دیلی سەرمایەداری دواکەوتوویی دەسەڵات دار بە سەر چارەنووسیان ژیان دەبەنە سەر و داخوازی چینایەتی هاوبە شیان هەیە ودژی سیستەمی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی دەسەڵات دار خەبات دەکەن • لەئاکامی سیاسەتی شوینیستی دواکەوتووانەی دەسەڵات دار بەسەر ئەم نەتەوانە ، کرێکاران و زەحمەتکێشان، واتە زۆربەی خەڵکی بێ بەش لە چوارگۆشەی ئێران سەرەرای تەحەموول کردنی چەوسانەوە وبێ مافی ، هەروەها لە ستەمی نەتەوەیی و فەرهەنگی ئازارو رەنج دەبەن و بۆ نە هێشتنی بێ وچان خەبات دەکەن .بە هۆی ستەمی میللی وفەرهەنگی لەرادە بەدەر، نالەباری پێش کەوتنی ئابووری لەوڵات و ••• هتد راپەرینەکانی ناوچەیی بووە تە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران و نەریتی خەباتی چەکدارانە لەم ناوچانە باو و جێ کەوتووە و کاریگەرە لە لای کۆمەڵانی خەڵك ، ئەم شێوازە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك ، رێکخراوەکانی کرێکاری کۆمۆنیستی لەگەڵ ئەرکەکانی تایبەتی رووبە روو دەکات • هەوڵ دان بۆدامەزراندنی هێزی چەکدار بەتایبەت لە کوردستان بە پێ ئیمکانات بە مەبەستی هاوئاهەنگی لەگەڵ شێوەکانی خەباتی خەڵك ، پشتیوانی لە راپەرینی شارەکان ودامەزراندنی کاناڵی پێوەندی گرتن بە مەبەستی راکێشانی کادێرانی شۆرشگێر و ئەو هێزانەی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کە خوازیاری پێوەندی گرتنیان هەیە، لە هەموو هەل و مەرجێك بەشێکە لە بەرنامەی چەپی شۆرشگێر . گەلی کورد لەو نەتەوانەیە کە خەبات وشۆرش دژی چەوسێنەران و ستەمی میللی و فەرهەنگی بووەتە ئەسڵێك لە ژیانیان •

بەردەوام بۆ لەناو بردنی ستەمی میللی و فەرهەنگی و ••• هتد ، بێ وچان خەباتی کردووە و لە گەڵ ئەوەشدا بووەتە کانگای خەبات وجووڵانەوە ی سیاسی دژی دەسەڵاتی حاکم •

لە گەڵ سەقامگیربوونی هەر چەشنە حکوومەتێك لە ئێران ، کوردستانیان مەترسی دار ناساندووە و لە بواری نیزامیەوە گرینگیکی زۆریان پێداوە ، ئەوەش بۆ سەرکوت کردنی هەرچەشنە شۆرش و خەباتێك لەو چەشنە لەم ناوچەیە ، کە دەبووە بنکەی خەباتی حێزب و سازمانە جۆراو جۆرەکانی گەلانی ئێران و پەرە سەندنی بۆ ناوچەکانی تر، ئەمەش بۆ ئەو چەشنە حکوومەتانە یەکجار مەترسی دارە ، هەر بۆیە لە روانگەی دەسەڵات دارانی یەك بە دوای یەکی ئێران،کوردستان شوێنێکی ئیستڕا تیژیك بووە •

رژێمی تازە پاگرتووی ئیسلامی ئێران بەئەزموون وەرگرتن لە دەسەڵات دارانی پێش لە خۆی بۆ سەقامگیر کردن وپتەو کردنی دەسەڵاتی ،سیمای درەندانەی خۆی هەر لە سەرەتاوە پیشاندا ،

بەدوای فەرمانی جەهادی خۆمەینی لە دوا رۆژە کانی گەلاوێژی ١٣٥٨ هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر خەڵکی چەوساوەی کوردستان ، بەڵام پێش لە دەس پێ کردنی بۆ رێگە خۆش کردنی هێرشەکە،دەستی دایە داخستنی زۆربەی رۆژنامەکان و داخستنی دەفتەری هەموو سازمانە سیاسیەکان (وەرێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەل ) هەروەها بە تەبلیغاتی فریوکارانە وەك کوردستان کافرستانەودەبێ پاکتاوبکرێ و هەروەها بنکە سەربازیەکان خەریکە چەك بکرێن ، هەربەو شێوە سەرکوت و تالان گەیشتە ئەو پەری خۆی • بە دوای فەرمانی خۆمەینی بەنیسەدر بریاری دا بە هەموو هێزە نیزامی وپاسدارەکان کە بەندی پووتینەکانتان مەکەنەوە هەتا کوردستان پاکتاو بکرێ • هێرش بۆ کوردستان لە ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨ لە ناوچەی پاوەوە دەستی پێکرد و بە خێرایی شارەکانی کرماشان ، سنە ، مەریوان و سەقزی گرتەوە • کە بە درندانە ترین شێوە خەڵکی ئەو شارانەیان قەتلّ وعام کرد ، سەرکردەی بەکرێگیراوان وپاسداران مستەفاچەمران بوو • فەرماندەی عەمەلیاتی نیزامی ئەرتەش سەرتیپ وەلی فەلاحی بوو ،لەسەرەوەی ئەمانەش سادقی خەڵخالّی وەك حاکمی شەرع لەلایەن خۆمەینیەوە ناردرابوو کەکاری کوردستان یەکلا بکاتەوە پاش ئەو شەرە خوێناویە سەدان کەس گیانیان لە دەس دا ، شایانی باسە کە زۆربەی ئەو کەسانەی تیرباران کران پێوەندیان بەهیچ سازمانێکی سیاسیەوە نەبوو • بەهۆی ئەوەی کە خوێن مژانی خلیفە تێر نەبوون ،لەی٢٨ گەلاوێژ هەتا ١٠ خەرمانانی ٥٨ زیاتر لە٨٠ لاوی شۆرشگێری کورد بەحوکمی جەلادی خەلیفە

بەرێوەبردنی بریارەکانی سەدەی ناوە را ست ( بەشی پێنجەم )
لاپەرەی ٣,٤

کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ وهۆکارەکانی
لاپەرەی ٥

ووشەی سیاسی
لاپەرەی ٨

کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

خەڵخاڵی لەدادگاكانی فەرمایشی لە شاره كانی پاوه، كرماشان، سنه ، مەریوان وسەقز ئێعدام كران ٠ هەروەها ئەم قەتڵ و عامە مەهاباد و نەغەدەشی گرتەوە و ئەو كۆشتاره كه لە قارنا و قەڵاتان كرا كەمتر لە سەبراو شەتیلا نەبوو ئەو كاره ساتانە ئەوەندە دڕندانه بوو كه ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتی ئەودەم لەچاپی دا (بۆنموونه ئیعدامی ١١ لاوی شۆڕشگێر لە فرۆكەخانەی سنه كه دوو كەسیان بریندار بوون ) ٠

ئێستاش زۆربەی ئەو خوێنڕێژانەی كه خولقێنەری‌كاره ساته كانی كرماشان ، پاوه ، سنه ، مەریوان ، سەقز ، مەهاباد، نەغەدە وقارناو قەڵاتان وهەزاران كارەساتیٚ تر بوون ، بوونەته باڵی ڕیفۆرم خواز ٠

بەڵام بە داخەوە برێك لە كەسایەتیەكان و حیزب وسازمانەكان هاوكات لە گەڵ وڵاتانی ئۆروپایی و بە كرێگیراوانی ڕژێم پێشوازیان لیٚ دەكە ن وبەشاخ وباڵیاندا هەڵ دەڵێن ، لایان وایه كه خاتەمی فریشتەی نەجاتی خەڵكی چەوساوەی ئێرانه ٠

چاره سەر نەكردنی گرفتی نەتەوەكانی جۆراوجۆر و یەكسان نەبوونی گەشەی ئابووری و هتد... لە پاڵ داخوازیەكانی رادیكاڵی كرێكاران ، بێكاران ، لاوان، كه بەشی ئەوان لە سفرەی تاڵان شتێك جگه لە بەردەوامی هەژاری و نەداری نیه ، بۆرژوازی ئێران و هاوتای جیهانی ئەو بەم قەناعەتە دەگەیێنیٚ ، ئەو كاتەی كه قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بە دەست هێنان ، بۆ بەرگری لە هەر چەشنە بزا ڤێكی رادێكاڵ، شمشیرەكانیان بۆ سەركوت راكێشن . و بە هۆی قازانجی ئابووری سەرتائیترین پەسەند كراوەكانی مافی مرۆڤ پێشێل بكەن و بە پشتیوانی نهێنی و ئاشكرا لە ڕێژیمی بیست ساڵ نەزانی ، جنایەت و خیانەت هەستن.



((بەشی پێنجەمی بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست لەم سەدەیەدا))

## باڵی خەتی ئیمامیەکان لە دە ساڵەی یەکەم دا

ئەم باڵە پێك هاتەکانی ماڵی مونتەزری، ڕوحانیەکانی موبارز، ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی، دانشجووەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمام، ماڵی ئیمام بە دەستەوەی بوو، و لە گەل ئەنجوومەنی حوجەتیە بە هۆی هەندێك لە ئەندامانی خۆی پەیوەندی گرتبوو و لە ڕوانگەکانی مونتەزری و خومەینی پەیڕەوی دەکات. ئەم باڵە توانیە ئامرازەکانیش وەك ماڵی ڕێبەری بە ڕێبەری ئەحمەدی خومەینی، سەرەوەی دیوانی بەرزی وڵات، سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی، بنیاتی شەهید، بەرێوەبەرایەتی زیندانەکان و کۆمیتەی هاوبەش بە دەستەوە بگری.

خاوەن پێ گەێکی بەرلاو و لە جەستەی پێك هاتەکانی مەزهەبی و سوپای پاسداران و چوارچێوە و بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی و ماڵی کرێکار بوون.ئەم باڵە خۆی بە پەیڕەوی خومەینی دەزانیٚ و خومەینی وەك ئیمام و پاش و خومەینی لە بۆچوونەکانی مونتەزری پەیڕەوی دەکردن، و خوازیاری بەرێوەبردنی بڕیارەکانی ئیسلامی و گۆمانی تەواو لە بڕیارەکانی ئیسلامی وەك ((مورتەد)) و بڕیاری ((مورتەد)) ئیعدام و دەستبە سەر داگرتنی سامانی ئەوە. ئوپوزیسیونی خومەینیان وەك مونافق و کافر ناویان لیٚ نا. بە سەرنج دان بە پێك هاتیان تووشی دژایەتیەکانی ناوخۆئین و لە داهاتوودا یەك دەستی ئەوان تێك دەدری، تەحولی بیستنی هیچ چەشنە بیرورای سیاسی، ئابووری دژ بە خۆیانیان نەبوو، بەم حاڵەدا گۆمان لە بڕیارەکانی لاوەکی مەزهەب ڕەوا و دەتوانی بە پیٚ زەمان ئاڵ و گۆری بە سەر بێت و خوازیاری بەشداری لیبراڵەکان لە ئۆرگانەکانی بەرێوە بەری بوون. لە گەڵ ڕەوتەکانی شۆرشگێر و دیمۆکرات بەتووندی دژایەتیان دەکرد و خوازیاری لە ناوبردنی ڕێکخراوەکانی شۆرشگێر و ئازادی خواز بوون. لە سیاسەتی دەرەوە ویستیان، ناردنی شۆرشی ئیسلامی و لە سیاسەتی ناوخۆیی سەرکوتی توند و بە بەرنامە بوو.

لە کۆتاییەکانی دەورەی دەساڵەی یەکەم دا ئەم باڵە شێوازی سەرکوتی باڵی خەتی وەلایەتی قبوول نەبوو و تەواب کردن وەك شێوەی تەواو بۆ لە ناوبردنی ڕەوتەکانی شۆرشگێر نەزانی و سەرکوت لە ڕێگای وەزارەتی ئیتلاعات و هێزەکانی ڕەسمی و نارەسمی لە کۆمەڵگا و زیندان بە شێوەی خوارەوە بە ڕێوە دەبردن.

### ١-سیاسەتی سەرکوت و کونترۆڵ لەکۆمەڵگا

ئەم ڕەوتە بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دەورانی ڕابردوو و ڕێکخستنی ((ساواك)) بەرنامەی خۆی بۆ ناسین و ڕخنە لە ناو ڕێکخراوەکانی شۆرشگێر و گرووپە سیاسیەکان دارشتبوون و بە بەرنامە و بە پیٚ زەمان دەستی دایە گرتن و لە ناو بردنی هێزەکانی شۆرشگێر لەلایەکەوە لە گەل بەریٚ خستنی گرووپەکانی حیزبوڵلا هێرش دەبردە سەر کۆرەکانی سیاسی و ترس دەخستە ناو دڵی خەڵك.-

### ٢-سیاسەت لە زیندانەکان

لە دەورانی سەرتایی لێکۆڵینەوەکان ، بۆ پیٚ هاتن ((ئیعتراف)) و دروست کردنی پەروەندە ، جەستە و دەرونی زیندانی بە توندترین ئەشکنجەکان ئازار دەدا . بۆ پیٚ هاتن لە شێوەکانی ترساندن و دەروونناسی کەڵکیان وەر دەگرت و زانیاریەکان تەواو دەکردن. تیٚ دەکۆشان تاکو لە ڕێگای ئەو کەسانەی کە کۆلێیان داباوو هێزەکانی تر دەسگیر بکەن.بە لە بەر چاوگرتنی ئەمەی کە پاش ئازاد بوون لە زیندان بەشێك لە زانیاریەکانی زیندان دەچوونە ناو کۆمەڵگا و هەندێك لە تەوابەکان پەیوەست دەبوونە گرووپی سیاسی خۆیان و زانیاریەکانی زیندان دەدرایە ڕێکخراوەکانی سیاسی. بۆ ڕێژیم باش نەبوو و بەم هۆیە دروست کردنی تەوابیان شکست خواردو ڕاگەیاند، و تەوژمی بێ هەڵوێست کردن و پەشیمان کردنیان بەرێوەبرد، بە هیوای ناسین و کۆنترۆڵی زیندانیەکان کەش و هەوای تا ڕادەیەك ئازاد لە بەندەکانی گشتی پێك هێنان و کۆنترۆڵی زیندانەکانیان لە دەستی لایەنگرانی بۆ چوونی دروست کردنی تەواب دەرهێنان.لە سیاسەتی ئابووری دا بە سیاسەتی ناوەندگرایی دەوڵەت دەیانویست و خوازیاری بەرێوەبەری دەوڵەتی لە سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری سەرەکی بوون، و بازرگانی ناوخۆیی ئازاد و بازرگانی دەرەوەیان لە ژێر چاودێری دەوڵەت و لە لایەن بەرێوەبەرانی دەوڵەتی شایانی بەرێوەبردن دەزانین، و تا ڕادەێك لە هاوبەشیەکانی دابەش کردن و بەرهەم هێنان پشتیوانی و بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەزامەندیەکانی ئوسولی و قەرزەکان دەستیان دایە دامەزراندنی هاوبەشیەکان. بە لەبەر چاوگرتنی ڕخنەی ئەوان لە ئۆرگانەکانی بەرێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی دەوڵەت لایەنگری پەیوەندی ئابووری لە گەڵ وڵاتانی ئۆرووپایی بوون. لەم ڕێگایە قازانجی زۆریان دەسکەوت.

## ڕەوتی نەناسراوی هاشمی ڕەفسنجانی و بنەماڵەکەی

یەکێك لە مورەکانی سەرەکی ڕێژیم و پەسەندکراوی باڵەکانی ناوخۆیی دەسەڵات و نزیکترین کەس بە خومەینی پاش بەهەشتی و ئەحمەدی خومەینی بوو. هاشیمی بە کۆنترۆڵی مەجلیس و فەرماندەیی شەر،ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی

خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و براکەی کردە بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆن (صدا و سیما)، و تریبونی نوێژی جومعەی تارانی بە شێوەیەکی گشتی بە دەستەوە گرت.

هاشیمی بە ناسینی رەوتەکانی ناوخۆیی دەسەڵات و کۆمەڵگا، خۆی گیرودەی بابەتەکانی بە تەواوی مەزهەبی نەکرد و لە گەڵ خەریك بوونی بە بابەتەکانی ئابووری و سیاسی لە تریبونی نوێژی جومعە و بە کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکی باڵەکانی جۆراوجۆر خۆی کردە ناوەندی ئاشتی باڵەکان و بە روانگەیێکی مەزهەبی لیبراڵ بەرنامەکانی جێ بە جێ دەکرد. هاشیمی بەکەڵك وەرگرتن لە دژایەتیەکانی جیهانی دەستی دایە دامەزراندنی پەیوەندیەکانی ئابووری و سیاسی بەربلاو و لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و هەروەها لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت (حیزبی توودە و ئەکسەریەت) بەرەو لای خۆی راکێشا و کردیانە ئامرازی دەستی خۆی. بە پروپاگەندەی شایستە سالاری و بە رواڵەتی میللی گەرایی فەرماندەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران و بەڕێوەبەرانی دەولەتی بەرەولای خۆی راکێشا.بە شێوەیەکی فریوکارانە کەش و هەوای سیاسی بە تەواوی داخراوی پێك هێنا وبە کۆنترۆڵی هەواڵەکان و زانیاریەکان دەستی دایە سات و سەوداکانی نهێنی و خوازیاری سەرکوتی ئازادی بیرورا و بلاوکراوەکان بوو. بۆ سەرکوتی رەوتەکانی شۆڕشگێر و دیمۆکرات لە گروپەکانی دەرەوەی دەسەڵات وەك حیزبی توودە و ئەکسەریەتیش کەڵکی وەرگرت و لە کۆتایی دا ئەوانیش لە زەبری خۆی دوور نەخست.هاشمی بە پشتیوانی لە سەرمایە دانان خوازیاری هێزێکی بەڕێوەبەری بە هێز و توانا بوو تاکو لەم رێگایە و بەکەڵك وەرگرتن لە رانتەکانی دەوڵەتی توێژی مافیای ماڵی نوێ لە بوروکراسی دەوڵەتی پێك بێنێ، و دەوڵەت بە تەواوی بکاتە پارێزەری قازانجەکانی توێژی مافیای ماڵی سەر بە خۆی.

## کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە تێکۆشەرانی سیاسی بۆ لە ناوبردنی هەموو نەیارانی سیاسی و پاکتاوکردنی زیندانەکان

بارودۆخی ئابووری سیاسی و بەڕێوەبەری رژێم لە دوای شەر کەوتە بەر هەڵسەنگاندن، بەرنامەی رژێم داڕێژرا و بە کەڵك وەرگرتن لە ئۆتوریتەی خۆمینی کەوتە بەر پێك هاتنی باڵەکانی حکۆمەتی، ولاتانی ئیمپریالیستی لە چاوەڕوانی داهاتوویەکی باشتر بۆ تالانی سەرچاوەکانی میللی و دەسترەنجی کۆمەلانی زەحمەتکێش لە چاوەڕوانی مانەوە. لە ناو بەرنامەکانی چاوەروان کراوی سیاسەتی ناو خۆیی، سەرکوت و لەناو بردنی نەیاران لە بەر چاوترە. چوونکە سیاسەتی داهاتووی رژێم و پێوەندیی لە تالانەکانی بە نهێنی مایەوە و ناکۆکی توندێکی خوازیار بوو. لە گەڵ ئەوەی کە رژێم لە کاتی شەری دواکەوتووانە زەبری ئەساسی لە رێکخراو و پێك هاتەکانی شۆڕشگێر و دیمۆکرات وەشاند و زۆر کەس لە هێزەکانی شۆڕشگێری سپاردە بەر دەستەی ئیعدام، لە گەڵ ئەوەشدا بۆ بەڕێوبردنی سیاسەتی ناتەواو و وەحشیانەی خۆی و لەناوبردنی تەواوی پاشماوەکانی شۆڕش دوو قۆناغی دارشت و بەڕێوەبرد.

## قۆناغی یەکەم: لە ناوبردنی ئایدۆلۆژیەت و کەسایەتی زیندانیانی سیاسی.

ئایدئۆلۆگی مەزهەبی ئەم سناریۆ مۆنتەزری و لایەنگرانی خەتی ئیمام و ئایدوئولوگی سیاسیی، هاشمی وخەتی ئیمامیەکان و بەڕێوبردنی ئەم بەرنامەیە کەوتە ئەستۆی وزارەتی ئیتلاعات و دادستانی شۆڕش. بابەتی ئایدئولوژیك لە گەل باسی گۆمان کردن لە ئیسلام بە چاپی کتێب و گۆنجاندنی وتارەکانی (گۆمان کردن) لە رۆژنامەکانی دەوڵەتی لە لایەن وزارەتی ئێرشاد بلاو بوو و لە زیندانەکان دا تەبلیغ کرا، بەرپرسانی زیندانەکان گۆران ، یان لە گەڵ سیاسەتی تازە رێك خران، تەوابەکان لە ژوورە تایبەتیەکانی داخراو ولانران و پاشان بەندە داخراوەکان بوونە بەندی گشتی و کۆنترۆڵی نێوخۆیی بەندەکان کەوتە ژێر دەستی زیندانیەکان. قسەی سەرکردەکانی دابراوی گرووپە سیاسیەکان دەستی پێ کرد و زیندانیەکانیان بە زۆر دەبردە شوێنی کۆبوونەوە و ئەگەر بەربەرەکانی لە لایەن زیندانیەکانەوە رووی بدایە بە توندی دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکنجە. و یان وت و ویژەکان لە رێگای تەلەفزیۆنی زیندان لە بەندەکان دا بلاو دەبوو و وت و ویژکەران بە دەربڕینی پەشیمانی و هەوڵ دان لە پاکانەی وەزعی خۆیان لە رابردووی شۆڕشگێرانەیان حاشا دەکرد و بەرپرسان و بازجووەکان، و ئەشکنجە دەرانی خەڵکیان بەرەحم و شۆڕشگێر و دیمۆکرات ناودەبرد هەروەها رژێم چاوپێ کەوتنی لە گەڵ زیندانیانی سیاسیی زۆرکرد تا بیروڕای گشتی کۆمەڵگا و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەی کاتیش کە بووە بۆ لای خۆی راکێشێ. لە گەڵ بەڕێوەبردنی چاوپێ کەوتن و گشتی کردنی بەندەکان و پەیوەندی زیندانیەکان لە گەڵ یەکتر وهەروەها لە گەڵ کۆمەڵگای دەرەوە پەرەی سەند و نارەزایەتی و داواکان توند بوونەوە، بە دوای یەکێك لە چاوپێ کەوتنەکان پاسەوانێکی زیندانی ئێوین بە توندی بەزیندانیانی وت هەر کارێك دڵتان دەخوازێ بیکەن، بە ئێمەیان وتووە جارێ واز لەمانە بێنن. کاتی خۆی هەموویان دەکوژین.رژێم لە بێ ناسنامە کردنی ئایدۆلوژیەتی زیندانیان وگەیشتن بە زانیاریە نەناسراوەکان و لە ئەنجام دا بێ ناسنامە یی سیاسی زیندانیان بە توندی شکستی خوارد.

پاشماوە لە لاپەرە ٧

# کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و هۆکارەکانی

ئەگەر بڕوامان وابێت کە سەرمایەداری بەرهەمی پەرە سەندنی درێژخایەن وئاکامی گۆڕانکاری ئەساسی لە شێوەکانی بەرهەم هێنان بووەپەرەسەندنی شێوەو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ، پرۆسەی جیهانی بوون ، چ لە بواری چینە کانی کۆمەڵایەتی و چ لە بوارێکی‌تری شێوە وپێك هاتی هێزەکانی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری پێك هێناوە ٠ بۆرژوازی لە هر جێگایێك بەدەسەڵات گەیشتووە ، هەموو پێوەندیەکانی پێش لە خۆی لە ناو بردووە ٠ بەڵام سەقام گیری پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە ئێران بەوشێوەیە نە بووە کە لەسەرە وە باسمان لێ کرد ٠ بۆیە دەبێ بزانین پرۆسەی دامەزراندنی پەیۆەندیەکانی سەرمایەداری لە ئێران دا چۆن بووە ئەوکات باشتر دەتوانین هۆکارەکانی کودیتای ئیمپریالیزمی ( ئەمریکی _ ئینگلیزی ) ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ هەڵسەنگێنین ٠ هاوکات لەگەڵ گەیشتنی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم و سەیتەرەی ماڵی ، زەمینەکانی گەشەکردنی شێوازی بەرهەم هێنانی بۆرژوازی لە ئێران رخسا ، رۆڵی ئیمپریالیزمی رووسیا لەباکوور و بەریتانیا لە باشوور وهەروەها ناکۆکی ودەرگیری نێوان ئەوان، بۆ زاڵ بوون لە سەر سەرچاوە کانی کحەرە ستەی خاو ، بازاری هەزاران ، قەوارە و شێوازی گەشە کردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران رۆڵکی گرینگی بووە ٠ رێککەوتنەکانی ١١٨٦٢_ ١٨٦٥_ ١٨٧٢ سەبارەت بە هێڵە کانی تیلگراف ١٨٨٨ ، جادەی خیز ،رێککەوتنەکانی سەبارەت بە وام وئیمتیازی توتن ، ئیمتیازی شیلات (راوە ماسی ) ، دابین (بیمە ) ، گواستنەوەی دەریایی ،زەوینی ١٩٠٠ و ١٩٠٢ ، گرتنی قەرزەکانی جی ˇ متمانە لە

رووسیا، بەلجیکا ، بەریتانیا ودەیان رێککەوتنی ورد وگەورەی دیکە لەم دەورەیە ، بارودۆخ وژێرخانەکانی بوژانەوەی سەرمایە داری لە ئێران و شێوازو مە بەستەکانی ئەوی دیاری کرد ٠ بەدوای ئەوەی کە شۆڕشی مەشرووتەخوازی نەیتوانی رێی بووژانەوەی سەربەخۆیی ئێران لەگۆرین بە وەڵاتێکی پێشکەوتووی سەنعەتی بکاتەوە ، لەوەبەدواوە گەشە کردنی سەرمایە داری لە ئێران نەك بە دابین بوونی دیمۆکراسیەت و ئازادیە سیاسیە کان و شارستانیەت ، بەڵکوو لە رێگای کۆ بوونی دەسەڵات و ئیستبداد ودیکتاتۆری پەرەی ساندووە بەڵام لە دەورە یێکی کورت خەڵك توانیان بە هۆی خەباتی خۆیان لە ئازادی وسەربەخۆیی تارادەیێك کەم بەهرە مەند بن ٠کودیتای ١٢٩٩ هۆکاری بە تەخت و تاج دانانی رەزاخان وگەرانەوەی وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت وکۆبوونی دەسەڵات و گەشە کردنی مۆدیرنیزاسیۆن لە کۆمەڵگا لەم چوارچێوە دا مسۆگەر کرد شکستی دەرە بەگایەتی و پەرە پێدانی پێوەندیەکانی سەرمایەداری لەمەودای دەورەی سێهەمی گەشە سەندنی سەرمایەداری روویدا ٠ ئەم شۆڕشە لە خوارەوە نەبوو کە دەرە بەگایەتی تووشی شکست کرد ، و پێوەندیەکانی سەرمایەداریی دامەزراند ٠ بەڵکو بەهۆی رێفورمەکانی دانراو لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو کە لەلایەن شا و دەوڵەتی ئەو جێ بەجێ دەکران ٠ گەشە سەندنی سەرمایەداری لەئێران دا نەك بە هۆی بزوێنەری ناوخۆیی ،بەڵکو بۆ وەڵام دانەوە بە قەیرانی کۆکردنەوە وزیادکردنی سەرمایە لە گۆڕەپانی جیهانی بەئەنجام گەیشت ٠ کە ئاکامەکەی نەبوونی ئازادیەکانی دیمۆکراتیك ولەبواری ئابووریش بە پاڵپشتی داهاتی نەوت کۆبوونی پاوانخوازی دەوڵەت لە جێ خۆی مایەوە ٠ ئەگەر بۆرژوازی میللی لەبەربەرەکانی

لەگەڵ پەیوەندیەکانی کۆن هاوکاری دەکرد لەگەڵ وردەبۆرژوازی ئاسوودە وتوێژەکانی جۆراو جۆری کۆمەڵگای رۆشنبیری ئێران لە رەوتی شۆڕشی مەشرووتە خوازی ٠ شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران ، جیا لە کاریگەری خراپی ،کاریگەری دیکەی لە پێك هاتی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ئێران بە جێهێشت ٠ گەشەی سەنعەتەکانی ناوخۆیی لەم مەودایە بووە ، هۆی‌پەرەسەندن وسەقامگیری بۆرژوازی میللی وهەروەها چینی کرێکار و پێك هاتنی جەوێکی کراوەی سیاسی و دامەزراندنی رێکخراوە بنیاتە کانی دیمۆکراتیکی سیاسی ، سنفی و پەرە سەندنی خەباتی چینایە تی ومیللی ، حیزبی توودەش بە هۆی ئەم بارودۆخە دامەزرا ٠ ئەم حیزبە نەك بەرهەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و پەرەسەندنی رێکخراوە کانی مارکسیستی ، بەڵکو ئاکامی هەل و مەرجێکی تایبەتی لە بارودۆخی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی وبەرهەمی کۆبوونی کەسایەتی وئەفرادی جۆروا جۆر لەباری ئایدۆلۆژی ، تایبەتمەندی و ناوەرۆکی چینایەنی و ئامانجی خەبات بوو ٠ گرینگتر لەوە لەسەرئەساسی پێداویستی بەرەکانی شەری دژی فاشیستی ولە ژێر کاریگەری سیاسەتی حێزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت لەم پەیۆەندیە پێکهات وبەرنامەی ئەو لەکاتی دامەزرانی لەبەرنامەی یەکەم گرووپە کانی سوسیال دیموکراتیش دواکەوتووانە تر بوو ٠ ئایدۆلۆژی تێکەڵاو ، بەکارهێنانی شێوازی مەتافیزیکی لە هەموو بوارە کان ورەنگدانەوەی لە بەرنامە وتاکتیك ، رێبەراتی حێزب لەبەرانبەر روودا و ورەوتەکانی رۆژانە چەك کرا وبێ هەڵوێست بەدوای رووداوەکان دەرۆیشت لەئاوابارودۆخێك کودیتای ئیمپریالیستی ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ، دامەزرانی سەرلە نوێ

پاشماوە لە لاپەرەی ٧


شەڕ
هێندی زەنجیرم کەن
دەفتەرچە و جگەرەکەم لێوەرگرن
زارم پڕلە خۆڵ کەن.
ئەی! کە شێعر
خوێنی دڵە و
خوێی نانەو
شووشەڵەی چاو
کە دەتوانی بە نینۆکان
بە گلێنەی چاوان
بە خەنجەران بنووسی
من ئەمە دەڵێم
لە ژووری ڕواندندا
لە گوڵ خانەدا
لە پێگ دا
لە ژێرتازیانەدا
کەلەپچە لە دەست
لە ژێر ئەشکنجەی پاوەن وزەنجیر
هەزار هەزار پەڕەسیلکە
لە سەر چڵەکانی دڵم
سروودی شەڕ دەخوێنن
شێعر: مەحموود دەروێش
لە فارسیەوە بۆ کوردی:هیوا

پاشماوەی بەرێوە بردنی بریارەکانی. . .

له گەڵ شکستی ڕەوتی تەوابەکان زەبرێکی توندی لێ کەوت، و بە بەرز بوونەوەی ئەزموون و ورەی زیندانیان کۆنترۆڵی زیندان لە چەند بوار لە دەست رژێم دەرچوو. رژێم بە تەبلیغاتی بەربلاو دەستی دایە بڵاوکردنەوەی هەل و مەرجی لێ بوردن و هەر رۆژ نوێنەرانی دەنارده زیندان تا زیندانیەکان بەرەو لای خۆی راکێشێ و بریارەکانی ئیعدامی خۆی ڕاست بسەلمێنێ. لە حاڵێکدا هەر رۆژ بریارەکانی ئیعدام کە بە تەئیدی دیوانی عالی ولات بە بەرپرسیایەتی موسەوی ئەردەبیلی دەردەچوو تێکەڵ بە تەبلیغاتی لێ بوردنی، زیندانیانی سیاسی دەسپێردرانه دەستەکانی ئیعدام.

**قۆناغی دووهەم: هەموویان دەکوژین**

لە گەڵ بوونی ئاگر بەست و قبول کردنی بریارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٦٧ بارودۆخی نەشەر و نەئاشتی یان راگرت تا بواری بەرنامەکانی دارژراو پێك بێت. هەلی زێرین لە گەڵ عەملیاتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك (فروغ جاویدان) پێك هات و تەبلیغاتی بەر بلاوێك لە دەزگا راگەێنە گشتی یەکان و تریبونەکانی نوێژی جومعە و رۆژنامەکانی رژێم بۆ بەلاڕێ بردنی بیروڕای گشتی پێك هات. چاوپێ کەوتنی زیندانیان راگیراو تەلفزیۆنەکان لە بەندەکان کۆکرانەوە. هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی مەبەست دار لە لایەن رژێمەوە لە زیندانەکان بلاوبوونەوە. دابەش کردنی زیندانیەکان سەر لە نوێ دەستی پێکرد و هەندێك لە زیندانیان لە زیندانی ئیوین راگوێزرانە زیندانی گەوهەردەشت، هەندێکی تر لە هۆڵەکانی فێرگە خرانە بەندەکانی ٣٢٥ی ئیوین لە گەڵ زەخت لە سەر زیندانیان، بەرنامەی چاوەروان کراویان بەرێوە برد. لە گەڵ بریاری خومەینی و کاریگەری مونتەزری کۆمیتەکانی مەرگ رێك خران و بریاری ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و شۆرشگێر لە لایەن خومەینی درا و بە کۆمیتەکانی مەرگ راگەێاندرا.

((بەشی شەشم لە ژمارەی داهاتوو))

(پاشماوەی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ و. . . )

پێك هاتی ناوەندگەرایی پاوانخوازی دەوڵەتی کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتن خواز ، بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەورەیێکی درێژ خایەن راوەستی • سەرەرای ئەو ، زۆر بوونی بەلارێ چوونەکان و سەقامگیری بوروکراسی لە یەکیە تی سۆڤیەت ، کاریگەری خراپی خۆی بە سەر بزاڤی کرێکاری ئێران بەجێ هێشت و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە شکستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کرێکاری لەم قۆناغە و هەروەها خولقاندنی دەورەیێکی لە راوەستان و پچرانی بیست ساڵە • هەرچەند دەبێ هاندان و پیلانگێری پیاوە ئاینیەکان بە رێبەری کاشانی وەك پارێزەرانی بۆرژوازی کۆن دژی بزووتنەوەی میللی بوونی نەوت لە بیر نەکەین و بە دوای بەرپەرچ دانەوەی ئەم پیلانگێریانە دا ، هەر ئەمانە بوون کە بە هەموو هێز و تواناییانەوە بۆ سەرکەوتنی کودیتای ئیمپریالیستی ( ئەمریکی ، ئینگلیزی ) لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ هاتنە نێو گۆرەپان و هاوکاری تەواویان کرد

## ووشەی سیاسی

**ئیمتیاز (Concession)**

لە سیستەمی سەرمایەداری ئیمتیاز بریتیە لە حەق دان بە سەرمایەداران یان پاوان خوازیە سەرمایەداریەکان بۆ کەڵك وەرگرتن بە لە بەرچاوگرتنی مەرجەکانی دیاری کراو لە برێك لە دامەزراوەکان، زەوییەکان ، سامانەکانی سروشتی، کانگاکان، دەریاکان و کاروبارەکانی تری ئابووری. ئەم سامانانە، و دامەزراوە و کارەباری ئابووریە، زۆرتر لە دەستی دەوڵەت یان ئەیالەت یان شارەوانییەکان دایە و بە هۆی ئیمتیاز دەدرێتە سەرمایەدارانی نێو خۆیی و دەرەوە. سەرمایەداران و پاوانخوازە سەرمایەداریەکان ، لەم ئیمتیازانە بۆ وەدەست هێنانی مەوادی خاو، زاڵبوونی ئابووری، بۆ چەوسانەوەی بێ رەحمانەی کرێکارانی ناوچەیی، بۆ سەروەری سیاسی لە وەلاَت کەڵکی لێ وەردەگرن، لە قۆناغی ئیمپریالیستی ، وەدەست هێنانی ئیمتیاز لە وەلاتانی گرێدراو باوە . لە مێژووی هاوچەرخی ئێران ئیمتیازی تەماکۆ (تووتن) و ئیمتیازەکانی نەوت و ئێستاش سەدان پلانی ترلە بەشەکانی ئابووری و خزمەت گوزاری و سەرجەم بەرهەم هێنان و دابەش کردن لەم بوارانەدایە.

**ئانارشیزم (Anarchisme)**

یان ئاژاوەخوازی ، رەوتێکی سیاسیە کە لە گەڵ قازانج و ئامانجی چینی کرێکارو تەواوی زەحمەتکێشان دژایەتی هەیە، لە بواری چینایەتی ئەساسێکی ووردە بۆرژوایی و لە بواری سیاسی دواکەوتووانەیە،چوونکە لە خزمەتی پەرەسەندنی کۆمەڵگا نیە، ئەم ووشەیە لە واژەی یوونانی ئانارخیا وەرگیراوە کە بە مانای نەبوونی رێبەری و حکوومەتە.ئانارشیستەکان پێویست بە بوونی دەوڵەت و هەروەها دەوڵەتی پرۆلیتاریایان لە هەرچەشنە هەل و مەرجێکی کۆمەلایەتی، پێویست بووبی حیزب و دیسیپلێن و شێوازی سیاسی و بەرنامەی کردەوەی رەت دەکەنەوە. لە جوولانەوەی شۆرشگێرانە،لایەنگرانی

ئانارشیزم لە گەڵ ڕێبەرایەتی بزووتنەوە لە لایەن حیزب و لە گەڵ ئایدۆلۆژی ئەو دژایەتیان هەیە. ئەوان بە بیانووی ئەمەی کە کەسایەتی مرۆڤ ئازادە، تەنیا کردەوەی تاکە کەسیان قبووڵە ، و جووڵانەوەی بە کۆمەڵ و خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە هیچ دەگرن. لە گەڵ ئەوچەشنە بیرو بۆچوونە ڕوون و ئاشکرایە کە ئانارشیزم بە کردەوە دژی خەباتی خەڵك و پەرەسەندن و یەکیەتی ئەوانە، چینی کرێکار لە جێ بە جێ کردنی ئەرکی مێژوویی خۆی ڕادەگرێ، دووبەرەکی ساز کردن و بڵاوەبوون لە جێگای پێك هاتنی یەکیەتی دادەنێن، ئانارشیزم وەك ڕەوتێکی سیاسی ۱۰۰-۱۲۰ ساڵ لەمەوپێش لە ئۆرووپا دروست بوو، بڵاوکەرە ناسراوەکانی وەك ئەشتێرنر (Stirner) پرۆدۆن و باکۆنین Bakunin و دونیال بوون . مارکس و ئەنگلس دامەزرێنەرانی تیئۆری سوسیالیزمی زانستی بۆ دامەزراندنی سازمانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار خەباتێکی درێژ خایەن و سەختیان لە گەڵ نوێنەرانی ئەو ڕەوتە سیاسیە دا کرد، لینین دەنووسێ:

((ئانارشیستەکانی چینی کرێکار پەیرەوی سەرمایەداری دەکەن و بێجگە لە وشەکانی گشتی دژی چەوساندنەوە بێ ئەوەی بچنە نێو قوڵایی و ئەساسدا ولە هۆکاری ئەو هیچی تر ناڵێن و بە خەباتی چینایەتی بڕوایان نیە)).

هەروەها لە کورەی خەبات دژی ئانارشیزم بوو کە یاسای سازمانی، حیزبی ،شێوازی نوێ ڕێکخراوەیی پێشڕەو لە گەڵ ئایدۆلۆژی و خەتی سیاسی دیاری کراو دانرا. مەترسی ڕەخنەی بۆچوونەکانی ئانارشیستی بەتایبەت لە نێوان توێژەکانی وردە بۆرژوازی شار و گوند و توێژی دواکەوتووی چینی کرێکار زۆرترە، کەچی لە گەڵ پەرەسەندنی پەروەردەیی مارکسیزم –لینینیزم و لە گەڵ ئەزموونی بینای سۆسیالیزم لەم مەترسیە بە پێودانگەی زۆر کەم بووەتەوە. هاوکات ئەحزابی کۆمۆنیست بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە چینی کرێکار هێز و توانای کەمیان هەیە و لە دەورانی سەرەتایی گەشەی سەرمایەدارین و یان هەڵ و مەرجی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداری وردە بۆرژوازی بۆ ڕەخنەی ئەندیوێدوئالیزم یان (سروشتی تاکە کەس) فەراهەمە، دەبێ ئاگاداری ئەم مەترسیە و بەر پەرچ دانە وەی ئەوانە بێ.

ئەندیویدوئالیزم (Indiuidualisme)

ئەم ووشەیە لە بنەرەتەوە لە ئەندیوویدی ورگیراوە کە لە زۆربەی زمانەکانی ئۆرووپایی دا بە مانای تاکە کەس یان شەخسی دێت. ئەم شێوە ئەندیویدوئالیزم یان (سروشتی تاکە کەس) یان (کرداری تاکە کەس) وەرگیراوەتەوە. ئەندیویدوئالیزم تایبەتمەندیەکانی ئایدۆلۆژی و ورەی وردە بۆرژوازیە و لە ئاکام دا تەواوی جۆرەکانی ورەێکە لە کۆمەڵگا لە سەر ئاساسی ملکایەتی تایبەتی پەروەردە دەکرێ ئاشکرادەبێ و مانای ئەو بە کورتی یانی گەورەتر کردنی کەس بە سەر کۆمەڵ ، بایەخ دانانی سروشتی و گرینگ بۆ تاکە کەس نەك بۆ کۆمەڵ دروشمی ئەندیویدوئالیستەکان وایە: (یەکەم تاکە کەس دووهەم کۆمەڵ). جۆرەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی سەرمایەداری کە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفە و کۆمەڵ ناسیان لە هەڵسەنگاندنی تایبەت مەندی تاکە کەس مرۆڤێکە گەمارۆ دەدەن و تازە ئەو (تاکە کەسە مرۆڤێك) دیسان بە شێوەی کامڵ بەردەوام بێ ئاڵ وگۆڕ لە مێژوو دادەنێن وەکو (ئەگزیستانسیالیزم و پراگماتیزم و نیئۆتۆئیزم و پرسۆنالیزم و ... هتد)، هەموو لە بنەڕەتی فەلسەفەی سروشتی تاکە کەس داناوەن. بۆچوونەکانی ئانارشیستی وردە بۆرژوازی دیسان سومبولی ئەندیویدوئالیزمی توند ڕەوی وردە بۆرژوازیە، ئەندیویدوئالیزم بنەڕەتی فەلسەفەی سەرمایەدارییە و لە سەر ئەم بنەرەتە قازانج خوازی و لە خۆرازی پاساو دەدرێ.بە پێچەوانە (سروشتی کۆمەڵ) یان (کرداری کۆمەڵی) تیئۆری و زانستێکە بە پێ ئەوە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بە سەر بەرژەوەندی تاکە کەس فەرزترە و پاراستن و بوژانەوەی کەسایەتی تاکەکەس و ئازادی ئەو لە ژێر زەنجیری قسەکانی کۆمەڵایەتی تەنیا و تەنیا بە ئازادی کۆمەڵ و بوژانەوەی پێوەندی هەیە و تەنیا کۆمەڵگایێك کە لەویدا کەسەکان لە مافی یەکسان و بە شێوەی دڵخوازانە لە ڕێگای پێشکەوتنی بەرژەوەندی گشتی، کۆمەڵگا دەتوانێ کۆمەڵگایێکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بێت.

شێوازی سروشتی کۆمەڵی سۆسیالیستی لە سەر ئەساسی ملکایەتی‌گشتی و ئامرازی بەرهەم هێنانە بێ خولقاندنی مالکیەتی گشتی و کۆمەڵێکی سۆسیالیستی مەرجێکی ڕاست بۆپەروەردەی‌گشتی کۆمەڵ لە گەڵ ورەی گشتی وەدی نایێت و پێوەندی هاوکاری جێگری پێوەندی چەوسانەوە و ستەمکارانە نابێ.

سۆسیالیزم دەتوانێ بەم چەشنە هەل و مەرجێك بخوولقێنێ کە لە خاوەن هاوئاهەنگی ڕاستەقینە بێت ، بەرژەوەندی تاکە کەس و کۆمەڵ دەخوولقێ و جێ بە جێ بوونی داخوازییەکانی تاکە کەس، بەو شێوەی کە لە سەرمایەداری دەبینرێ، سەرکوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵ دا نیە.

لەم بنەرەتە فەلسەفیەدا (خۆ و ڕەوشتی تاکە کەس و خۆورەوشتی کۆمەڵ) لە دوو جۆر ورە و دوو جۆر بیروبۆچوون سەرچاوەدەگرێ. لە خۆورەوشتی تاکە کەس ورەی لە خۆ ڕازیانە و شێوەی بیر کردنەوەی زەینی کە ویستەکانی خۆی فەرز تر لە ڕاستی دروست دەکات لە خۆورەوشتی کۆمەڵ وەرەی شۆڕەشگێری یەکگرتوویی و شێوەی بیرکردنەوەی بنەرەتی و عەینی کە ڕاستی عەینی بەرژەوەندی کاملی کۆمەڵگا بەسەر ویستەکان و داخوازیەکانی زەینی فەرز تر دابێ.

ورە ڕخنە شێوازی بیرکردنەوە و شێوەی کردەوەی ئەندیویدوئالیزمی لە حیزبی چینی کرێکار لە کۆمەڵگاکانی دوا کەوتوو دەبێتە هۆی گۆڕینی خەباتی بنەرەتی بە خەباتی گرووپی و زەینی.دەبێ بەم شێوە بیروشێوازی بە کردەوە بەردەوام ولەکاتی خۆی دا خەبات بکرێ.

ناونیشانی ڕێکخراو لە سەر توری ئینترنێت
www.fedayi.org

پۆستی ئەلکترونیکی ڕێکخراو
webmaster@fedayi.org

پۆستی ئەلکترونیکی کۆمیتەی کوردستان
Kurdistan@fedayi.org

بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی!